# نووسەری خێڵەکی

( ئەڵقەی –3– )

محەمەد فەریق حەسەن

## ترش و تاڵانی و بەیەکدا چوونی حیزب و خێڵ:

ترش وتاڵانی یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئابووریی خێڵ. بەتایبەت کاتێ بەرەورووی گرانی و قات و قڕی دەبێتەوە و مەڕومالاّت بەهەر هۆیەکەوە بێ قڕی تێدەکەوێ. لەلای ئەو تالانی بە ئازایەتی و پڕکێشی حسابە نەک بە نەنگی و شان کورتی. ئەوان بەوپەڕی شانازییەوە لەکۆڕ و کۆمەڵدا، هونەر نواندن و فێڵ و فریو و ئەزموونەکانی خۆیان لەبواری ڕاووڕووتدا بۆ یەکدی دەگێڕنەوەو خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن. وەکیدی مەردمی خێڵەکی داهات و سامانی گشتی بەماڤێکی مفتی خۆی دەزانێ، هەردەمێ ویستی، بەشی خۆی و بگرە زیاتریشی لێ لادەبات. بەڵکو هەندێ جاران لێشی دەبەخشێ و پیاوەتی بەسەرەوە دەکا. ڕێک وەک ئەو تالان و بڕۆیەی لەسەر و بەندی ڕاپەڕیدا لە شارەکانی کوردستانی باشووردا ڕووێ دا. ئەوەبوو نزیکەی هەموو دامەزراوە شارستانییەکان، بەکارگە و نەخۆشخانە و سەنتەری لاوان و قوتابخانەو پەیمانگەکانەوە؛ کەوتنە بەرشاڵاوی ڕاووڕووت. پرۆسەکە بەزۆری لەلایەن کەسانی خێڵەکیی ومەسوولە خێڵەکییەکانەوە ئەنجام دەدرا. ئەوان هیچ بەزەییان بە کورد و سامانی نەتەوایەتیی کورددا نەهاتەوە. دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایان لەنێو شاری سلێمانیدا هەڵوەشاندو ئەودیوی ئێرانیان کرد، سەدان شۆڤڵ و بیلدۆزەریان (تالاّنفرۆش)ی ئێران کرد. وایەریان لە (هەموو) دارتەلەکانی شار و شارەدێ، ئەوانەی بەعس بە بەعسایەتی خۆی ڕوحمی پێکردبوون و هێشتا بەپێوە مابوون، ئەوان بە خوردەی مس ئەودیویان کرد. وەک خۆمان میللەت نەبین و پێویستیمان بەو کەرەسانە نەبێ. هەرچی ژێرخانی ئەو شارو شارۆچکە لە ئەنفال بەجێماوانە بوو خستیاننە سەر ساجی عەلی و تۆزکاڵێ هیوای ژیانیان بۆ نەهێشتن. مس ، فافۆن ، ئاسنەواڵە، ئاسەواری دێرینەی کورد، کە تاکو ئەو کاتەیش لەژێر خاکدا مابوون؛ ئەوان وەک باندی ڕێکخراو دەیاندۆزینەوە و لە بازاڕەکانی دنیادا ساغیان دەکردنەوە، هەزاران گۆڕی کۆنیان لەگۆڕخانە و کووپەکاندا دەرهێناو چییان تێدا بوو لە نەختینەی کۆن هەموویان بەهەندەران فرۆشت و ئێسک و پروسکی باپیرانی خۆیانیان فرێدایە ئەوە گۆڕە. هەموو ئەم کارانە بە ئاگاداری و هەندێ جار بە سەرپەرشتیی ئەو مەسوولە نامەسئوولانە بەڕێوەدەچوون. هەمووشیان لەلای جەماوەر ناسراون. بێگومان گەورەترین ڕاووڕووتێ، کەلە کوردستانی دوای ڕاپەڕین و ناوچەکەشدا ( خۆر هەڵاتی ناڤین) کرابێ، تالان و فرۆشتنی پرۆژەی (بەنداوی بێخمە) یە کە بەهاکەی دەیان ملیۆن دۆلار بوو. ئەگەر کەسێ هەبێ دوای بکەوێ. ڕەنگە لەبواری دزیدا شیاوی ئەوبێ بچێتە ژمارەی پێوانەیی (جینز)ەوە و بەناوی کوردەوە تۆمار بکرێ!!.. جێی باسە کێبڵێکی ئەستووری تەلەفوون بە قولایی نزیکەی مەترێک و بەژێر زەویدا بەشانی جادەی سەرەکیدا؛ سلێمانیی بە کەرکووکەوە گرێدەدا. کوڕانی خێڵ وەک گۆڕهەڵکەنە هەڵیاندایەوە و بەخوردەی مس ئەویشیان فرۆشت. ئەو پرۆژەیەش، هەر خودا بۆخۆی دەزانێ بایی چەند بووا.. جێی باسە نێوانی کەرکووک و سلێمانی 104 کیلۆمەترە. کوردستانی باشوور و خەڵکە خێرنەدیوەکەی تاکو ئێستەش باجی ئەم ڕاووڕووتە دەدەن و هێشتا شارەکانی باشوور هێڵی تەلەفوونیان لەنێواندا نییە.

قەت بووە قوتابخانەی پیشەسازیی و تەکنۆلۆجی بەبێ ئامێر؟! ئاخر چۆن قوتابیی بەشی کارەبا بەبێ ئامێری کارەبایی و قوتابیی بەشی دارتاشی بەئامێری دارتاشی، تەنیا بەشێوەی تیۆریی فێری پیشەکە دەبن؟ ئەوان هەموو ئامێرەکانیان ئاودیوکرد. بۆیە هەموو ئەو قوتابییانەی پەیمانگە تەکنیکییەکان و بەشەکانی پیشەسازی، کە دوای ڕاپەڕین خوێندنیان تەواوکردووە، شتاقیان نازانن گڵۆپێک دابنێن و بەلۆعەیەک ببەستن و مەکینەیەک بکەنەوە!! بەڵام گوناهەکە لەملی کێیە؟..

سیانزە ساڵی ڕاپەڕین نەیتوانی شرەخۆری، لەزەینی خێڵی پاشفەڕۆ و مەسوولی چاوچنۆکدا بسرێتەوە. ئەوەبوو لەگەڵ هێرشی هاوپەیمانانادا ئەمانیش تەکەڵ تەکەڵ ڕووەو کەرکووک شوێنیان کەوتن. بەڵام نەک بۆ ڕزگارکردن و هێنانەوەی بۆ باوشی کوردستان بەڵکو بۆ تالانکردنی. ئەوشارە، ڕەنگە وەک سامانی ژێر زەوی دەڵەمەندترین شاری دنیا بێ. بەڵام بێگومان خەڵکەکەی هەژارترین و ڕووت و ڕەجاڵترین و پەڕاگەندەترین مرۆڤی عێراقن. شارەکەیش لە ڕووی ئاوەدانییەوە دواکەوتووترین شاری عێراق و کوردستانە. ئەو شارەی بارزانیی ڕەحمەتی پاشەڕۆژی خۆی و ئایندەی حیزبەکەی کردە قوربان. یان بام بەشێوەیەکی دی بیڵێم: بارزانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بەلاوە مەبەست و گرنگتربوو هەتا ئاسایشی حیزبەکەی.. تەواو پێچەوانەی ئەم ڕۆژگارە، کە

حیزبەکان ئاسایشی حیزب دەخەنە سەرو پاراستنی ئاسایشی کوردستانەوە. ئەوەبوو لەپرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقدا لەبریی دەستگیرۆیی کەرکووک ،کوڕانی خێڵ لە سلێمانی و هەولێرەوە (وەک هەڵۆ)بۆی کشان. چەندیان توانی و فریاکەوتن تاڵانیان کرد.
کەباس لەسەر تاڵانییە پێم باشە لێرەدا نموونەیەکی جوان بهێنمەوە: سەروەختی ڕاپەڕین، نزیک شەقامی ئیبراهیم پاشا، لە شاری سلێمانی، فەرمانگەیەکی بچووکی کەشناسی هەبوو. لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە فەرمانبەرەکانی، کەبە ژمارە کەمیش بوون، چۆڵیان نەکرد و لەو ئاخۆران و بخۆران و کەس لە کەسەدا پاراستیان. هەر بەلێبوردەیی خۆیان چەند جارێک هێرشی شڕەخۆریان ڕەتکردەوە. پێدەچوو ئەو شڕەخۆرانە هەستیان بەو ئامێرە بەنرخە کردبێ، کە هێزی بوومەلەرزەی دەپێوا. بەداخەوە ناوی فەرمانبەرەکانم لەیاد نەماوە، وەلێ کاتی خۆی لەسەر ئەو مێرخاسییەی نواندیان گفت وگۆیەکم لەگەڵدا سازکردن و لە هەفتەنامەی (ئاڵای ئازادی)دا، کە ئەو دەمە وەک ڕۆژنامەنووس بەرامبەر چەردەیەک مووچە کارم تێدادەکرد، بڵاومکردەوە.
(شەرف)زۆر پێناسەی هەیە. لای خێڵەکی شتێکە و لەلای سەرباز شتێکی دیکەیە. لای کەسانی نیشتیمان پەروەریش جیاوازە. بەڵام من پێم وایە ئەوانەی کارخانەکانیان لەبەریەک هەڵوەشاندو ئەوانەشی کەرەسەو ئامێرەکانی وەک هەزاران ترەکتۆر و کرێن و کارگەی قیرو دەیان ئامێر و کەل و پەلی دیکەی کوردستانیان تاڵانفرۆش کرد، کە کوردی وڵات لێ خاپوور کراو لە هەموو دنیا زیاتر پێویستی پێیانبوو، ئەوانە ڕاووڕووت کەر و دزو جەرەدە بوون. بەڵام ئەوانەی کۆنینە و ئاسەواری کوردیان تاڵانفرۆش کرد؛ لە ڕاستیدا ئەوە شەرەف و مێژووی کورد بوو تاڵانیان دەکردو دەیانفرۆشت. هەموو ئامێرەکان پەیدا دەبنەوە، بەڵام ئاسەوارەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە.
لەپێش (قوتابخانەی ئەردەڵانی سەرەتایی)ی شاری سلێمانیدا، بیرێکی ئێرتیوازی هەبوو، سەربەسەر بیرێک نەوتی دەهێنا. ڕۆژانە دەیان تەنکەری زەبەلاح ئاویان بۆ خواردنەوە و ڕاپەڕاندنی کاروباری خانووبەرە ؛ لێ پڕدەکرد و ئەو بیرە هەروەک خۆی بوو، چکی نەدەکرد. ئەو بیرە سەرچاوە ئاوێکی ئەفسانەیی بوو. نیعمەتێ بوو سروشت بە شاری (سلێمانی)ی بەخشیبوو. مەسوولەکان (نەیانکردە نامەردی!!) مەکینەو ترۆمپاکەیان هەڵوەشاند و بە خوردە (تاڵانفرۆش)ی ئێرانیان کرد. ئیدی باشار لە تینواندا بخنکێ، قیروسیا!! هەر ئامێرو کەرەسیەکی نەخۆشخانەکان (دە تمەن)ی بکردایە، ئەوان بە ئێرانیان دەفرۆشت. خوێندەوار و ڕووناکبیرو خەڵکانی شارستانی و خاوەن بڕواو ویژدان، واقیان لەم دیاردەیە وڕمابوو. بێئەوەی هیچیان لەدەست بێت ، چاودێریی دۆخە شلۆقەکەیان دەکرد و کزە لە جەرگیانەوە دەهات. ئەمەی باسی دەکەم مێژوویەکی کۆن نییە. من باسی ئاداری 1991 بەدواوە دەکەم. کاتێ خێڵی چەکدار شاری گرڕدا؛ ئەم ئەتوارانەیان نواند. ڕۆشنبیر، کە پاشتر زۆربەیان ڕاونران ئێستا هەریەکەو لە کونجێکی ئەم دنیایەدا لە تاراوگە دەژین، تەنیا ئەوەندەیان دەسەڵات هەبوو لەسەر ئەم دیاردەیە بنووسن. شێوەکارەکان سەدان کەڤاڵی کاریکاتێرییان لەسەر وێنە کێشا. بەڵکو ئەم دیاردەیە لەخۆیدا بووە هۆی دەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی هونەری کاریکاتێر لەم باشووری کوردستانە ؛کە پێشتر لەبەر زۆر هۆ ڕژێمی بەعسی لەگۆڕ نراو ماوەی پێنەدەدا!.
بەڵام بەهیزیرین و توندترین پەرچدانەوەیەک بەندە بیستبێتی لەلایەن ئافرەتێکی نیشتەجێی گوندی (بناوەسووتە)ی سەر بەدەڤەری (پینجوێن) ەوە بوو. دەکرێ ئەم ئافرەتە، کە بەداخەوە ناوەکەی نازانم ببێتە (سیمبول) ی بەرگریی لە نیشتیمان و بچێتە فیلمی سینەماو چیرۆک و شیعرو کەڤاڵی هونەرمەندانەوە. ئەو شێرەژنە خۆی بەتەنیا بە (ئاڕ بی جی)یەکەوە، پێش لە کاروانێک ئامێری تاڵانیی هەمەجۆر دەگرێ، کە دەستەیەک چەکداری حیزبەکان بە نیازبوون ئەودیوی ئێرانی بکەن و ناچاریان دەکات بەرەو دواوە بگەڕێنەوە..
هەر لەو سەردەمی ڕاپەڕینەدا کۆمەڵێ پیشەو زاراوەی نوێ هاتنە ئاراوە وەک: گەراجی عارەبانە. لەبەر باران شەوی بەدینارێک و لە دووکاندا شەوی بەدوو دینار.. یان (ئامادەین بۆ ستیل کردنی هەمو جۆرە دەمانچەیەک!)ئەمە ڕستەیەک بوو، لەشێوەی ڕێکلامدا لەسەر جامخانەی هەندێ دووکان دەنووسرا. سەدان بەنزینخانەی سەفەری لەسەر شۆستەی شەقامەکان بەدەبەی 20 تا 5 لیترییەوە. یان زاراوەی وەک: ( کەپرە برنجە و سفرەی ماشێنە). لەنێو ئەم زاراوە نوێیانەدا، هەبوون ئاماژەبوون بۆ ڕاووڕووت. وەک: (بێ داک و باب)، کە بەئوتومبیلی دزراوی بێ (سەنەوی) دەوتراو نرخی شتێک لە ئوتومبیلی خاوەن بەڵگە هەرزانتر بوو.( تۆز و با)، کە بەو پرۆژەو دامەزراوانە دەوترا ناویان هەبوو وەلێ لەسەر زەمینەی واقیعدا وجوودیان نەبوو. تەنیا بۆ دەست بڕین و چاوبەست بوون. هەروەها (ئەودیوکردن یان ئاودیوکردن) و گەلێ زاراوەی دیکە، کە بەشێکن لەفەرهەنگی ڕاوڕووت.
ئەگەر لە دەوروبەری خێڵدا پیاوێکی دارا هەبوو. با ئەو دارایە بە دەست و دڵ و ئامادی دەستگیرۆیی و هاوکاریش بێ، بەڵام بەلای خێڵەکییە هەژارەکەوە باشتر یان پەسەندتر وایە شەو بچێتە سەری بۆ دزیی تائەوەی داوای یارمەتی لێبکا. چونکە خێڵەکی نەفسی ناهێنێ داوای هاوکاریی و کۆمەک بکا. لەکن ئەو دزیی وێڕای ئەوەی بەغیرەتییە، بێمنەتیشە. بەڵام وەرگرتنی دەسەنەو یارمەتی، ئەو لەلای خۆیەوە ناوی (حیزە بخۆیی!) لێناوە. وەک ئەوەی ڕاووڕووت (مەردە بخۆیی) بێ.!! یان ئەو هاریکاریی پێشەرمە و دزیی بەلاوە ئازایەتییە. یان ئەو پێی باشە ئەوەی مەبەستێتی بەتۆپزی و بەکوتەک بیسێنێ نەک بەخۆشی وەریبگرێ!

بڕیارە گرنگ و چارەنووس سازەکان بە دەست سەرخێڵن، دیارە هەندێ جاران دوای پرس و ڕاویژ بە ئەنجومەنی خێڵ. ئیدی ئەندامانی خێڵ تەنیا گوێڕایەڵی و ڕاپەڕاندنی فرمانیان لەسەرە. ئەوان هەر فرمانێکیان بەسەردا بدرێ کوێرانەو بێ بیرکردنەوە جێبەجێی دەکەن. تەنانەت دوای ڕاپەڕاندنیشی، بە هەر بارێکیشدا بکەوێتەوە، هەر گەنگەشەی لەسەر ناکەن. زۆربەی حیزبەکانی ناوچەکەیش چونکە گۆشکراوی بیری خێڵەکین هەر وەهان. سەرۆک خێزانی خێڵەکیش لەماڵدا هەمان دەستوور ڕەفتار لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا دەکات. باوکی خێڵەکیی منداڵەکانی خۆی بە کۆیلە دەزانێ نەک بە مرۆڤێکی سەربەخۆو ئازاد. تادەمرێ دەبێ منداڵەکانی خزمەتی بکەن. تەنانەت لەماڵی خۆیدا ئەگەر تینووی بوو، ئاوی ئاوئاسایش دەبێ یەکێک بۆی بهێنێ. مەسینەی بۆ پڕبکرێت. بەرماڵی بۆ ڕابخرێت. گەورەو بچووک بەتەنگییەوەبن. دوای باوک ، لەنێو براکانیشدا، بچووک دەبێ گوێڕایەڵی گەورەبێ. برای بچووک دەبێ هەمشە لەئاستی سەرو خۆیدا دەستەو نەزەر ڕاوەستابێ. بەڵام خوشک هەرچەندە تەمەنیشی گەورەبێ، دەبێ گوێڕایەڵی برابێ ئەگەرچی بە تەمەن لەخۆی گچکەتریش بێ.

## هەڵوێست و بڕیارەکانی خێڵ:

لەڕاپۆرتێکی ناوەندی سەرەکیی هێزی ئاسمانی بەرتانیا لە عێراق ، کە سەبارەت بزووتنەوەی کورد ئاراستەی وەزارەتی هێزی ئاسمانی ناوەوە لە لەندەن کراوەو لە لایەن (ت. س. ر. هیگنز)ەوە واژۆ کراوە، ڕۆشنایی دەخاتە سەر کۆمەڵگەی کوردەواریی. ڕاپۆرتەکە باس لەسەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و پەرەسەندنی، لە باشووری کوردستان و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی ڕووناکبیران لەم بوارەدا دەکاو مێژووی 30 مارسی 1927 ی پێوەیە. جڤاکی کوردەواری بە چوار توێژ یان چینی سەرەکییەوە دابەش کردووە، کە ئەمانەن:

1. ئەفەندییەکان، مەبەستی پێ ڕووناکبیرانە، کە ئەوسا منەووەریان پێوتوون.
2. دامەزراوەی قووچەکی شێخە ئایینییەکان، سەیدەکان و مەلا و دەروێشەکان.
3. سەرۆک خێڵەکان.
4. ژمارەیەکی زۆری خێڵەکییەکان، کە بە پێچەوانەی زۆربەی عارەبەکان، کوێرانە و بێ پرسیار پەیڕەوی سەرۆکەکانیان دەکەن.

بەپێی قسەی ڕاپۆرت نووسی ئینگلیز بێ، خێڵەکیی کورد تەنانەت لەخێڵەکیی عارەبیش زیاتر پابەند و گوێڕایەڵی سەرخێڵەکانیانن. بێگومان ئەمەیش ئاستی پاشەڕۆیی جڤاکی کوردەواریی ئەو سەردەمە بەدیار دەخا.

خێڵەکی زۆر بەزەحمەت لەڕاو بۆچوونی چەوتی خۆی ژیوان دەبێتەوە، با لەناخرا سووریش زانیبێتی ڕاکانی پووچ و چەوتن، بام پاشگەزبوونەوە با لەهەڵەکانی خۆشی بێ هێشتا هەر بەلایەوە ئەستەمە. یەک لەباری ئەو، پاشگەزبوونەوە دیاردەیەکی شەرمئاوەرە. بەڵکو ئەو ئامادە نییە پۆزش بۆ بەرامبەر بهێنێتەوە. ئەو داوای لێبوردن و پۆزش هێنانەوە؛ یان پێداچوونەوەی بەبڕیارەکانیدا بە بێهێزی لەقەڵەم دەدا. لەم ڕووەوە گەلێک بێژەی شێوە پەند لەزمانی کوردیدا هەن، وەک: (( پیاو قسان دەکات.. قسە لەزارەوە دەردێ.. پیاو ئەو پیاوەیە لەقسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە.. تفێک ڕۆکرا هەڵناگیرێتەوە...))

هێز، بەگشتی لەکن خێڵ شتێکی پیرۆزە ئەگەرچی ملهوڕیشی لەگەڵدابێ. پیاوی بەهێز خۆشەویستە و سوێند بەسەری دەخۆن. لە تەنگژەدا پەنای بۆدەبەن. ئەو کەسەی دەست ڕاست و نیشانەشکێن بێ، ئەوەی لەشەڕو بەرەنگاریدا دەست وەشێن و چەتوون و تالانکەر و بێ، ڕێزی لێدەگیرێ و خەڵکی خێڵەکی لە دەوری کۆدەبنەوە و لە کۆڕو کۆمەڵدا بەشانازییەوە ناوی دێنن. تاکی خێڵەکی ڕکۆ و لامله و لەسەری بەردەوام دەبێ. ئەو کەسێکی پێداگرە و لەکەلی(یان لەکەری) شەیتان دانابەزێ. پێش دەخواتەوە و خۆی شین و مۆر دەکاتەوە و دان بە هەق و ڕاستیدا نانێ، بەحسابی خۆی، هەق هەمیشە لای ئەوە. چونکە دان بە هەڵەدا نان و ڕاگۆڕینیش بە بێهێزی و دۆراندن و سووکایەتی دەزانێ. کەسانی خێڵەکی لەکایە سیاسییەکانیشدا هەر لەسەر لاملیی خۆیانن و قسە بەزۆران دەدەن. کەسانی خێڵەکی لەهەر حیزبێکدا کارابن و پۆستی بەرزیان هەبێ، دەبنە جێی مەترسی و لەوانەیە سەری حیزب و میللەتەکەش بە فەتارەت بدەن. ئەوان لەجەستەی حیزب و گەلدا بۆمبی تەوقیتکراون. ئەو (هەردوو پێت لێدەکاتە کەوشێ!!) هەمووو دنیا پێدەزانێ، کە لە فلان مەسەلەی سیاسیدا نەپێکاوە. بەڵام ئەوی خێڵەکی ؛کەللە ڕەقەو وەک پێشتر وتمان ددان بەهەڵەی خۆیدا نانێ. لەم ڕوەوە پەیڕەوی ئەو پەندە سەقەتە دەکەن، کە دەڵێ: (( سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب)).

کوڕانی خێڵ گەرەکە هەردەم براوە بن. بۆیە ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر تێکەڵاوی سیاسەت بوون کەتنیان لەدەست دەقەومێ و جەماوەر باجی کەتنەکانیان دەدا نەک خۆیان. چونکە خۆیان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و خێڵ پشت و پەنایانە.

مەردمی خێڵەکی پەرچەکردار و کاردانەوەی زۆر خێراو بێ بیرکردنەوە بۆ مەسەلە گشتی وکێشە گرنگەکان دەنوێنێ و خراپ دەورووژێ. ئەو زۆر خێرا هەڵدەچێ. کەسێکی تەواو هەستیارە و بەسۆز بارگاوییە. خۆشباوەڕە. زوو بڕوا بەپڕوپاگەندە، یان بانگەشە و هاشەو هووشەی سیاسی، کە مەبەستی تایبەت و پەنهانیان لەپشتەوەیە، دەهێنێ. دوژمنانی کورد، بەچاکەی خۆیان سوودێکی زۆریان لەم خاسییەتەی وەرگرتووە. ئەو بە شتی زۆر سادە و بێنرخ دەتۆرێ و لووتەلا دەبێ. هەمووو وتارو ئاماژەیەک، تەنانەت

هەندێ جاران گاڵتەش بە جدی و بەڕاستی وەردەگرێ و گورج تووڕە دەبێ و قسە لەدڵ دەگرێ و بەدرەنگ بیری دەچێتەوە. لە گەنگەشەو دایەلۆگدا قسە هەر قسەی خۆیەتی. هیچ بڕوای بەڕەخنە نییە. بگرە وەهای بۆدەچێ ئەگەر هاتوو ڕەخنەی لێگیرا ئەوە مانای ئەوەیە ئەویان بە نەفام و عەیبدار زانیوە. لەکەسێتیی هاتۆتە خوارەوە و قسەو ڕاو بۆچوونی بەهەند نەگیراوە و ئەو کەسێکە لەسەرو ڕەخنەو ئیرادەوەیە.

وەکی دی هەردەم لە زڕە گفت و گۆی بێ ئەنجامدایە و خەریکی سوێند و تەڵاق خواردنە. بائەو بڕوایەکی ئەوتۆشی بە خواو پێغەمبەر و قورئان نەبێ بەڵام کاتێ بەڵگەکانی چکیان کرد و گومانیان لە ڕاستگۆیی پەیداکرد، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەڵوێست و ڕاو بۆچوونەکانی پەنایان بۆ دەبات و هەژدە هەژدە دووبارەیان دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەی بڕوا و متمانەی خۆی نەدۆڕێنێ. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بێتەوەی کەسێ سوێندی دابێ، لەخۆڕا بۆڕا، سەرکردە و شەهید و چاک و هەتا پیرە لۆکالەکانیشی بیر دەکەوێتەوە و بەردەوام سوێند بەسەر و بەگۆڕیان دەخوات . مرۆڤی خێڵەکی وەک لە کوردەواریدا وتراوە : ((بلوێر بەزێنە، یان مەلا بەزێنە، یاخود قسە هەر قسەی خۆیەتی، یاخود قسە بەزۆران دەدا )). بگرە هەندێ جاران وڕکن و گرۆزە، وەک منداڵ پەڵپ و بیانووی ناماقوڵ و بێجێ دەگرێ.

ئەو لەسەر پاراستنی سنوورەکانی خۆی هەتەرە. خوام لەوخوایەی یەکێ توخنی(قەدەغە)کەی بکەوێ و دەستەکێکی لێ ببڕێ. ئەو مەڕومالاتەی لەپاوانی ئەودا بلەوەڕێ و ئەوەی ئاوی ئەو بۆ ئاودێریی بەکاربێنێ. ئەوەی لە مڵک و کێڵگەیدا زیانەخرۆیی بکات، دووچاری سزا و بەرەنگاریی دەبێتەوە. بەڵام کاتێ دوژمن پێشێلی خاکی کوردستان دەکاو دێهات و شاری دەسووتێنێ، ئەو بێدەنگە و زیاتریش. کەچی لەگەڵ ناحەزی هاوخوێن و هاوزمانی خۆیدا توندە و لێخۆشبوونی نییە. وەک خۆی دەڵێ: (دوژمن کەریشی بگێی هەر ئیفاقەیە!!) خەرمانی دەسووتێنێ، کە ڕەنجی ساڵێکی خێزانێکە. هەر بۆ ئەتک، کلکی ئەسپ وکەری دەبڕێ، کە بێگومان گاوو گۆتاڵ و چارەوا لەهیچ کێشەیەکدا تەرەف نین. لە بنەنانەوە بەشاپڵێتە ئاگر لەماڵی بەردەدا. بەتەور و تەورداس ڕەز و باخی خاشەبڕ دەکا.. لەدیدی خێڵەکییەوە، پیاو دەبێ بەهێز و دڕ و شەڕکەر بێ. بێجگە لەبراگەورە و ڕیش سپیی خێڵ و سەرخێڵ ، کەسی دی بەپیاو نەزانێ.

کاتێ ئینگلیز عیراقی داگیر کرد، لەلایەن خێڵە عارەبەکانی باشوورەوە بەرەوڕووی بەرەنگارییەکی بەهیز بووەوە. بە واتایەکی ڕوونتر سەرخێڵە عارەبەکان ڕۆڵێکی نیشتیمانییان بینی و تاکو نهۆش نەوەکانیان شانازی بەڕۆڵی باپیرانیانەوە دەکەن. چونکە ئەو بەرەنگارییەی ئەوان ئینگلیزی ناچارکرد بیر لە پێکهێنانی حوکمێکی نیشتیمانی بکاتەوە و لەگەڵیک نەخشە و مەبەستی خۆی ژیوان بێتەوە. وەلێ کاتێ ئینگلیز بەتەواوی دەستی بەسەر وڵاتەکەدا گرت یاسایەکی بەناوی(قانون دعاوی العشائر) دەرهێنا. ئەم یاسایە پێگەو دەسەڵاتی یاسایی سەرخێڵەکانی بەهێزکرد و گەلێ ئاسانکاری و دەستکەوتی ئابووریشی پێبەخشین. مافی ئەوەی پێدان دەست بەسەر ئەو زەوییانەدا بگرن، کە پێشتر موڵکی جووتیارە خێڵەکییەکان بوون. ڕەنگە ئینگلیز بۆیە ئەمەی کردبێ هەتا بیری یەکێتی نیشتیمانی لەلایان پەرەنەسێنێ و هەر لەقاوغی بەرتەسکی خێڵدا بمێننەوە. بەو حسابەی گەشەکردنی بیری نیشتیمانی لەگەڵ تیرەگەریدا ناکۆک و دژبەیەکن.

حکومەتی بەعسیش، پاڵپشتی پێوەندییە خێڵەکییەکان بوو. ئەو پەیوەندییانەشی کردە بناغەیەک بۆ هەڵگران و دەوڵەمەند بوونی شێخی عەشیرەتەکان. زۆرێ لە سەرخێڵە هەوادارەکانی خۆی کردە خاوەن مۆڵکی عەقار و بەڵێندەر... تێکشکانی ڕژێم لەجەنگی کەنداودا، بووە مایەی بێهێزی بەعس و دابەزینی پاڵپشتیی جەماوەری لێکەوتەوە. ئەم دۆخە نوێیە ڕژێمی ناچارکرد بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆی لەنێو جەماوەردا ؛ سوود لە پەیوەندییە خێڵەکییەکان ببینێ. دەهات لەوانەی متمانەی پێیان هەبوو، بە سەرخێڵ دایدەمەزراندن و دەسەڵاتی پێدەبەخشین. بەوەی جارێکی دی(قانون دعاوی العشائر) ی زیندو کردەوە. بەعس جارێکی دی دەسەڵاتی یاسایی بەخشییە شێخەکان تاکو داب و نەریت و عورفەکانی خێڵ بکەنە بنج و بناغە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان تاکەکانی خێڵ لەلایەک و کێشەی نێوان خێڵە نەیارەکان لەلایەکی دی. ئیدی ئەم یاسایە بووە ئەلتەرناتیڤی یاساکانی دەوڵەت، وەک یاساکانی سزا و شارستانی و بازرگانی و هیتر. هەروەها دەوڵەت بەوەی زەوی کشتوکاڵیی و مەکینەو ئامێر، کە موڵکی خۆی بوون و بەرەوڕووی ئەم شێخانەی کردنەوە، یان کردنییە هاوبەش لە پرۆژە بەرهەمهێنەکانی وەک:( کێڵگەکانی پەلەوەر و بەرهەمی ئاژەڵ و مەزراکانی دەوڵەت)، دەسەڵاتی ئابووریی پێبەخشین. لەم پرۆسەیەدا سەرخێڵی کوردیش بێبەش نەبوون. پرسەکە لێرەدایە: بۆچی بەعس ئەم هەنگاوەی نا؟

1. لەئەنجامی ئەو جەنگانەی لەگەڵ دەرو دراوسێدا نایەوە، خەڵک بە تەواوی بڕواو متمانەیان بە دەوڵەت و حیزبی بەعس لەق بوو. چونکە دەوڵەت بەڕادەیەک بێهێز ببوو، نەیدەتوانی سەر و ماڵی هاووڵاتیی بپارێزێ. هەر کاتێکیش ڕۆڵی دەوڵەت بەو ڕادەیە هاتە کزی، خەڵکی بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و بەرژەوەندییان بە ناچاری ڕوودەکەنەوە دەسەڵاتە سەلەفییەکان.

2. بە پەراوێزبوونی ڕۆڵی پەیوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش بەهۆی دابەزینی بەرهەمی مادی و داتەپینی ژیانی ئابوورییەوە.

3. ئامادەنەبوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی و پیشەیی و ناحوکمەتییەکان، لەجڤاکی عێراقدا ، تاکو بتوانن لەنگەری ئەو پاشاگەردانییە ڕابگرن.

4. تیرەگەری بەم ڕوخسارە نوێیەوە، ئامرازێکە بۆ کەرت و پەرت کردنی کۆمەڵگە و گەڕاندەوەی بۆ دۆخی خێڵە ناکۆک و لەنێو یەکدا بەشەڕهاتووەکان، کەئەو دەم دەوڵەتی (شموولی) بەئاسانی دەتوانێ بەسەریاندا زاڵ ببێت و ئەوانیش هەتا کێشەی نێوان خۆیان لەئارادابێ، بیر لە تەنگژەکانی دەوڵەت و گۆڕینی دەوڵەت ناکەنەوە.

5. تیرەگەری لەخۆیدا کۆسپە لەپێش بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی، کە سیستمی دیموکراسی تێیدا بەرکەماڵ بێ و بتوانێ پەردە لەڕووی نیازەکانی ڕژێم هەڵماڵێ و لەقاوی بدا، کە دەخوازێ لەڕێی هاندان و خۆشکردنی شاپڵێتەی ناکۆکییە خێڵەکییەکانەوە، کۆمەڵ کەرت و پەرت بکا، تاکۆ جارێکی دی دەسەڵاتی لەرزیو و شلۆقی خۆی پێ بەهێزبکاتەوە.

خێڵ لێرەدا، وەک لە زۆربەی وڵاتانی عارەبدا باوە، جێی شانازییە و بەرزترین بەهاو مانای لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەر ئەوە بتوانێ لەکاتی تەنگانەدا، لەنگەری هێزەکان ڕابگرێ. وەختێ ئەو پرۆسە دیموکراسییە ساختەیەی لافی پێوە لێدەدەن شکست دەخوات، جارێکی دی هانای بۆ دەبەنەوە. کاتێ تێورە پووچەکانیان، لەتەکتیک ستراتیجیان، لەڕێکخراوە حیزبییەکانیان مایەپووچ دەبن، وەک سەردەمی جاهیلی بادەدەنەوە سەرخێڵ و هانا بۆهێزو سیاسەتی ڕەشماڵ دەبەنەوە. تەنانەت ئەوانەشیان کە لاف و گەزافی چەپایەتی لێدەدەن و گرەو لەسەر جەماوەر و هیزە میللییەکان و جۆشدانی شەقام دەکەن، هەرکاتێ تووشی چورتمێک هاتن، خێرا هانا وەبەر خێڵ دەبەن و سەربەکۆشی سەرخێڵەکاندا دەکەنەوە. هەرچی چونێک بێ، زۆرمان پێکهاتەی بەعس دەزانین. دەشزانین پرۆژەو هەنگاوەکانی بۆ ژیاندنەوەی تیرەگەریی چۆن و چیبوون. بەڵام ئەوەی هێشتا بەعس بە بەعسایەتی خۆیەوە تا ئەو ڕۆژەی تەخت و تاراجی بەسەریەکدا ڕووخا دەرکی پێنەکردبوو، سازدانی میهرەجانی خێڵ و کۆنگرەی خێڵ بوو، کە خۆمان بە شانازییەوە لەدەڤەری سلێمانی و هەولێر سازمان دا.

ئەوان کەش و هەوایەک دەخولقێنن تۆ، کە تاکێکی ڕووناکبیری بێ خێڵی، تێیدا دەبیتە پووشی دەم ڕەشەبا و کەس حسابێکت بۆناکا، هەرچەندە خاوەنی زانست و ئەدەب و هونەریش بیت، هێشتا هەر دەبیتە گەپجاڕ و کەس لایەکت لێناکاتەوە و ڕێز بۆ تواناکانت دانانێ. کەسەر لەوەدایە هەموو ئەم ناڕەواییانەش لە ژێر دروشمی دادپەروەری و جیهانگیری و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوسانی ژن و پیاو و ڕەخسانی دەرفەتی یەکسان و چونیەک لەبەردەم هاوڵاتیاندا بەبێ جیاوازی، بەڕێوەدەچن.

ڕاستە بەڕێوەبەری فلانە کارگە ئەندازیارە، ملبەند و دەستێ پۆشاکی شیکی ئەوروپایی لەبەرە. بەڵام تۆ چی پێدەڵێی و چی ناودەنێی کاتێ داواکاریی چەندین بێکاری بەتواناو پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە ڕەت دەکاتەوە و دەیانهاوێتە تەنەکەی خۆڵی ژێر مێزەکەیەوە و دێ خزمێکی خۆی؛ یان ئەندامێکی حیزبەکەی خۆی، بێ ئەوەی هیچ تواناو بەڵگەیەکی بەدەستەوەبێ لەجێ (شاغیر)ەکە دادەنێ؟!..

ئەگەر ئەم دیاردەیەی، کە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە بە ئاشکرا خێڵەکییانە نەبێ، ئەدی تۆ چ ناوێکی دیکەی لێدەنێی؟!

لەکوردستانی باشووری، سەردەمی ڕاپەڕینیشدا، ئەوەبوو هەندێ سەرۆکجاش (موستەشار) بۆنی بارو دۆخەکەیان کردبوو. ئەوان دەیانزانی دەوڵەت لەکوردستاندا هیچ کەڵەوەکێشییەکی پێناکرێ، بۆیە هەر زوو بایاندایەوەو چوونە پاڵ حیزبەکان. هەم بۆخۆیان خەنی بوون و هەم حیزبەکانیشیان خەنی کرد. (ع. میزەللی)ناوێک، کە لەسایەی ڕژێمدا (ئامیر سریە)ی جاش بوو. تا سەردەمی ڕاپەڕین ئەمجا توانیبووی ببێتە خاوەنی (لادا)شرێک. کەچی لەگەڵ کوڕە ئازاکانی خۆماندا، بە ماوەیەکی کورت بووە خاوەنی کۆمەڵێ ئۆتومبیلی بار و خانوو... هتد. ئەم کاک (عەین میزەللییە) بەم دواییە وتبووی: (سا وەڵلاهی بمزانیبا وایە، هەر زوو دەبوومە پێشمەرگە!!). سەیرکەن کوڕانی خێڵ چۆن پێشمەرگە و ناوودناوی پێشمەرگە، کە پشت و پەناو مایەی شانازیمانن و بۆخۆم لەڕۆژانی ڕەشدا چەندین چیرۆکم بۆ نووسیون، دەلەوتێنن و لەبەرچاومان دەخەن؟!

دوای ڕاپەڕین؛ حیزبەکانی لای خۆمان دەرگە و دەروازەیان بەڕووی ئەنفالچییەکانی دوێنێدا واڵاکرد و مەزادی ئاشکرایان ڕاگەیاند. لەم بوارەدا لەنێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەدا باوە پێشبڕکێ و. مەزات بەکەم دەستی پێدەکرد و بەرەبەرە سەردەکەوت، وێڕای ژمارەیەک لانکرۆزو پارچە چەک، لە پلەو پایەیەکدا دەگیرسایەوە و (شاف الخیر)یان لێدەکرد. لەم بۆڕبۆڕێنەدا، دوو حیزبەکە لەڕکی یەکتر دەیاندا بەدمیانەوە و زەمیان لەسەر یەکدی هەبوو. خوێنەر دەبێ ئەوە بزانێ کاتێ ئێمە دەڵێین موستەشار، ڕێک وەک ئەوە وایە بڵێین سەر خێڵێک.

موستەشارێک بە تاوانی کوشتن لە بەغداد زیندانی بوو. کاتێ ئەو ئازاد بوو، چەند مانگێک بوو ڕاپەڕین ڕوویدابوو. ئەو هێشتا لەنێو کەس و کاریدا بوو، خزم و خوێش و کوڕانی خێڵ و کەونە جاشەکانی لای خۆی بۆ کەفارەت و چاوڕوونی دەچوونە سەردانی. ئالەو کاتەدا، هەر ئەوەندەی خۆش بوو جووتە حیزبەکە پێیانزانی. ئیدی هەم بەناوی خۆشحاڵی دەربڕین و هەم بۆ (مەزات)ە ئاشکراکە، وەفدیان نارده خاک و پای. ڕێکەوت لەو دەمەدا کەسی یەکەمی هەردوو حیزبەکە، بەسەرداان لە دەرەوەی کوردستان بوون. کڕینی ئەو موستەشارە بووە بابەت و مەسەلەی ڕۆژ. لە هەردوو لاوە بووە بروسکە لێدان. هەتا یەکێ لەتارانەوە پلەی ئامیر سریەی دەدایە، ئەوی دیکەیان لە دیمەشقەوە دەیکردە ئامیر بەتالیۆن. هەتا ئەمیان (لاند کرۆزێکی) پێ ڕەوا دەبینی ئەوی تریان

هەر لەڕێگەی بروسکەوە بۆی دەکرد بەدووان. هەتا ئەمیان (بی کەی سی)یەکی پێدەبەخشی ئەوی دیکەیان دەیکردە دووان و دوا جار لایەنێکیان بەکۆمەڵێ دەستکەوت و پلەیەکی سەربازیی بەرزو ژمارەیەک ئوتومبیل و چەکدارەوە کردییە دەستەگوڵی خۆی!! بیهێنە بەرچاوی خۆت لەتاران و دیمەشقەوە، پێشبڕکێ ، لەڕێی بروسکەو ئامێری ئەلکترۆنی و تەکنۆکۆجیای نوێوە بۆ کڕینی موستەشارێک!

بەم جۆرە ماستاویان بۆ موستەشارە ئەنفالچییەکان دەکرد، چونکە خێڵیان لەپشت بوو. کەچی ئەگەر ڕۆشنبیرێ خیانەتی بکردایە بەئاسانی دەیانکوشت، چونکە ئەو خێڵی لەپشت نییە تا لەسەری هەڵبداتێ و تۆڵەی بسێنێ. ئەوەبوو بەسەر (عبد الكريم سعيد)ی وەرگێڕی کتێبی (کوردەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی)یەوە نەچوون، کوشتیان لەبەرئەوەی خیانەتی کردووە. کەچی ڕێز لە موستەشارەکان دەنێن ،کە ڕەنگە هەیانبێ بووبێتە هۆی شەهیدبوونی دەیان پێشمەرگەو ئەنفالی سەدان ژن و منداڵی بێتاوان. ئێ باشە مەردم بۆی هەیە بپرسێ خیانەت هەر خیانەتە، لە ڕۆشنبیر بوەشێتەوە یان لەکەسێکی ئاسای. ئێوە لەپای چێ ڕێز لەمیان دەگرن و ئەویان دەکوژن؟!.. نە ڕێزلێنانی ئەمیان و نە کوشتنی ئەویان!.. یان مەسەلەکە تەواو ئاشکرایە و داشکاندنە بەلای خێڵ و سیستمی خێڵدا؟!

ئێستاش دوای ئەزموونی نزیکەی چواردەساڵان فەرمانڕەوایی، لەبەر هەر هۆیەک بێ کاتێ کەسێکی ناسراو لەم حیزب دەتۆرێ و دەچێتە پاڵ ئەو حیزب، وەک تاکێکی کوردی سەربە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئەم حیزبگۆڕکێیە ناکا، بەڵکو وەک بەرەبابێک ، بنەماڵەیاک، یان بەزۆریی وەک خێڵێک ئەم کارە دەکا و هەموو خێڵەکە بەجارێک دەداتەبەر و بەناو حیزبە نوێکەیدا دەکا.. وەک لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە هەمووومان دەیبینن ، سەرۆکی پارتی نوێش بەپێش چاوی جیهانەوە پێشوازیی گەرم لە خۆی و خێڵەکەی دەکا. هەریەکەو بەپێی توانای خۆی و بەزیادەوە، لای خانەخوێی نوێ دەبێتە خاوەنی پلەو پایە. ئەم حیزبانە ئەگەر بەڕاستی نەتەوەیین پێویستە خۆیان لەئاغاو سەرخێڵەکان جیابکەنەوە تا خەڵک هەست بە جیاوازییەکان بکات..

لەم ڕووەوە د. ئەمیر حەسەن پور دەڵێ:(( ناسیونالیسمی کورد، کە وەک بزووتنەوەیەکی فکری (نەک ڕێکخراوەیی) لە ئاخری سەدەی نۆزدە لە شیعری حاجی قادری کۆیی دا سەری هەڵێنا. دوای سەدەێیک لەڕێبازی دیموکراسی کرچ و کاڵی حاجی قادر دا تێداماوە و بگرە چەند هەنگاویش وەپاش کەوتووە. کێشە گرینگەکانی دیموکراسی لە کوردستان - هەڵوەشاندنی نیزامی عەشیرەگەری و دەرەبەگایەتی؛ پیاوەمزنی (پاتریارکی)؛ دینمەزنی (تیۆکراسی) و ئیستیبداد - هیچ کامیان لە ئەزموونی دەساڵ دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستانی عیراق چارەسەر نەکراون و هیچ هەنگاوێکی بەرەو چارەسەرکردنیان دەرفەتی پێنەدراوە.))

تەواو لەو سەرو بەندەدا، کە دەوڵەت لەکوردستان کشابۆوە و حکومەتی خۆمان لەسلێمانی، بەو بیانووەی پارەی نییە لەژێر دروشمی (مامۆستا سەری بەرزی بۆ مووچە نەوی ناکات!) ماوەیەکی بەرچاو مامۆستایان بەبێ مووچە دەرسیان وتەوەو دەرگەی قوتابخانەکان دانەخران. تەواو پێچەوانەی بۆچوونی بەعس، کە وەهای بۆ چووبوو ئەگەر لەکوردستان بکشێتەوە ئیدی هەموو دام و دەزگەکانی دەوڵەت لەکار دەوەستن. هیچ دام و دەزگەیەک پەکی نەکەوت. بەتایبەتی مامۆستایان لە جاران بەهیممەتتر کاریان دەکرد. بەڵام هەر لەو سەرو بەندەدا مووچەی یەک مەسوولیش، کە بەڕادەیەک خەیاڵی بوو ، هیچ سەرەکوەزیرێکی وڵاتانی ئەورووپا ئەوەندە وەرناگرێ، نەک هەر نەوەستا، بەڵکو یەک تاکە دیناریش کەمی نەکرد. ئەوان بەزەییان بەمامۆستادا نەدەهاتەوە. لەڕاستیدا ئەو دروشمە بۆ فریوی مامۆستابوو. ئەگینا سەرێ چەند بەرزیش بێ ئەگەری ئەوە لە گۆڕێیە بەبێ مووچە بنەوێ! ئەی بەچی کرێخانوو و خەرجیی ماڵ و منداڵی دابین بکات؟ ئەی بۆچی مووچەی کادیرێکێ حیزب دانەبەزی؟ دواتر هەر ئەو مەسوولانەبوون گاڵتەیان بەئەقڵی مامۆستا کرد و وەک هەموو خێڵەکییەک چۆن ئەفەندی بە ساوێلکە و ترسنۆک و شلەشاری دەزانێ، ئاوا دەیان نوکتەیان لەسەر هۆنینەوە. وەک: (مامۆستا گایە، ئەگەر دەرگەی قوتابخانەت لێداخست بەشۆق دەیکاتەوە!.. مامۆستا کۆمبارە زستانان ڕایدەخەین و هاوینان لوولی دەکەین!..) بەم شێوەیە مامۆستا، کە ڕابەری پەروەردە و زانستە، کردیانە گاڵتەجاڕی کەسانی نەخوێندەوار.

لەو سەردەمەدا کیلۆی گۆشت بەنزیکەی چل پەنجا دیناری چاپی سویسرا بوو. خۆم دەیان جار لە بازاڕی شاری سلێمانیدا گوێم لێبووە قەساب، گوایە خاتری مامۆستای گرتووە، یەک بەخۆی هاواری کردووە: (ئێسقانی گا بۆ مامۆستا کیلۆی بە شانزە دینار!!)

نەک هەر ئەوەندە. بەڵکو هەموو ئەو موستەشارانەی دابوویانە پاڵ یەکێتی( من ئاگاداری بارو دۆخی سلێمانیم بۆیە زیاتر ئەوێ بەنموونە دەهێنمەوە.)تەنانەت ئەوانەشیان چالاکییان نەدەنواند و دوای ڕاپەڕین تەنیا لەماڵی خۆیاندا دانیشتبوون. هەموو سەری مانگێک بە هەزاران دیناریان (چاپی سویسرا) بۆ دەچووە ماڵەوە. لانی کەم هەریەکەو هیندەی مووچەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییان بە بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستاو کارگوزارە پێدەدرا. وەک پێشتر لەسەری دوام، ئەم موستەشارانە خۆیان وەک مۆراڵ و ئاکاری خێڵەکییانە نەفسیان نەیدەهێنا هەتا مەڵبەند بچن و لەوێ مووچەکەیان وەربگرن. بۆ هەندێکیان دەبوو ئەندامێکی مەڵبەند سەری مانگان بەبێ وەستان مانگانەکە بیگەیێنێتە ماڵی جەنابی موستەشار جا لەهەرکوێ بێ. دیاربوو یەکێتی؛ ئایندەی لەبەرچاو بوو، دەیزانی دۆخەکە بەجەنگی ناوخۆ دەشکێتەوە. ئەو ئەم موستەشارانەی بۆ ڕۆژی تەنگانە دابەستبوو، یان دانابوو. کەچی جێی لەسەر

ڕاوەستانە کاتێ پارتی شاڵاوی بەرەو سلێمانی هێنا زۆربەی ئەو موستەشارانە؛ دەردی خۆیان دەڵێن: (قووچانیان!!) و فیشەکێکیشیان بۆ نەتەقاند و هەندێ بەر لەخۆیان گەیشتنە (سەیرانبەن)و هەندێ پاڵیان لێدایەوە و مێش میوانیان نەبوو.

ئەگەر بهاتایەو پارتی چەند مانگێکی دی لەسلێمانی خۆی ڕابگرتایەو جێگیر بووایە، ئەوا هەموویان بایاندەدایەوە لای ئەو. ئەمەیە حەقیقەت و ئاکاری سەرخێڵی کورد، هەرکاتێ مەترسییەکە گەیشتە سنووری خێڵەکەی ئیدی گێڕ دەگۆڕێ. ئێستاش ئەو موستەشارانە لەجەستەی کوردستانی زامداردا بۆمبی تەوقیت کراون. هەر ئاخۆران و بخۆرانێک هاتە ئاراوە دەچنەوەپاڵ دەسەڵاتی نیوەندیی لە بەغدا، جا هەر دەستەو تاقمێک بێ بۆ ئەمان جیاوازیی نییەو لەپای پلەو پایە و چەردەیەک دیناردا دەبنەوە بە کوتەکی دەستی داگیرکەری عارەب و کەواسووری بەرلەشکرەکەی جاری جاران.

ئێستا، جارێکی دی پرسیارەکە بەرەوڕووی هونەردمەند و نووسەر دەکەمەوە: ئەگەر ئەمەی سەرەوە ئاکار و مۆراڵی خێڵ بووبێ، کە جێی شەرمەسارییە نەک شانازی ئایا شایانی ئەوەیە بیلکێنن بەناوی خۆتانەوە؟!.. لێیگەڕێن با ئاوی ئاموون و توونی بابا چێ. پێشی کەندەڵان پشتی ڕەشەبا، چوونی هەبێ هاتنەوەی نەبێ!

## ژن لەدیدی خێڵەوە:

لە درێژایی ئەم باسەدا چەند جارێک لەگۆشەنیگای خێڵەوە، بەلای ئافرەتدا لامان کردەوە. لێرەدا هیچ کام لەو سەرنجانە دووبارەناکەمەوە. خێڵەکی ئەگەر گەوهەرو مانای شەرەف لەئافرەتدا ببینێ ئەوا بێ کەم وزیاد مەبەستی لە پەردەی کچێنییەو پاشتریش بەستنی پەیوەندیی دڵداریی و خۆشەویستی دێ، کە بەلای خێڵەکییەوە لەودیو زەواجێ شەرعییەوە خۆشەویستی قەدغەیە. ئەگەر ڕاستە خێڵەکی شەرەف لە ئافرەتدا ببینێ دەبوو لای سەرووی خۆیەوە جێی بۆ تەرخان کردبا. بەچاوی ڕێزەوە بۆی ڕوانیبا. بەڵام ئەمە بەکردەوە وەها نەکەوتۆتەوە. بەڵکو تەواو پێچەوانەیە. چونکە جنێوی گەورەی پیاوی خێڵەکی بە ناحەزەکەی ئەوەیە پێیبڵێ: (تۆ ژنیت، یان لەژن کەمتریت) ئەم جنێوە ئەوەندە کەرامەت ڕووشێنە لەوانەیە خوێنی لەسەر برژێ. چونکە مانای وایە مۆری نزمی و ترسنۆکی و بێغیرەتی و بێهێزی و هیچ لەبارانەبوونی بەناوچاوانی بەرامبەرەکەیەوە نا. بەلای خێڵەکییەوە ژن کەڵەوەکێشی پێناکرێ. ئەو هەرکاتێ دووچاری تەنگانە هات ، لەگریان و نزا و پاڕانەوە بەولاوە هیچی دیکەی لەدەست نایەت. لەم ڕووەوە زۆر وتەی لەوبارەهەن: (وەک ژن زووڕە زووڕ دەگری، مەگری خۆتۆ ژن نیت). ئەگەرچی لەمێژووی گەلەکەی خۆیدا نموونەی ئافرەتی ئازاو گیانفیدا هەن، ئاماژەیان پێبدرێ. هەروەها بەلای خێڵەکییەوە ئافرەت هی ئەوەنییە پرسی پێبکەی چونکە نەفامە. لەم ڕووەوە کاریگەریی کلتووری دراوسێکانمان لەسەرە. بەتایبەت کلتووری عارەبی پاشڤەڕۆ. کە بەرلە ئیسلام ساوای کچیان زیندەبەچاڵ کردووە بۆ ئەوەی لە تالآن و بڕۆو جەنگی بەردوامی نێوان خێڵە نایارەکاندا شان کورتییان بەسەردا نەهێنێ. ئیسلامیش دوو شاهیدی ژن بە شاهیدێکی پیاوێ حساب دەکات، بەو مەڵامەتەی گوایە زوو شتی بیردەچێتەوە ، ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەبەردەستدا نییە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست بکا. وەکی دی لەمەسەلەی میراتیشدا پیاو دووقاتی ژنی بەردەکەوێ. بەکورتی ئافرەت لەکن ئیسلام نیوە مرۆڤە. ئەوی ڕاستی بێ لەم ڕووەوە کاریگەریی ئەقلییەتی دواکەوتووی عارەب بەهۆی ئایینی هاوبەش و دراوسێتییەوە لەسەر خێڵەکیی کورد ئەمەندە زۆرە جیاوازیی نێوانیان هەست پێناکرێ. عارەب هەر بەڵایەکیان بەسەردا بێ، سەرچاوەکەی دەبەنەوە سەر ڕەگەزی مێ و بەسووکایەتییەوە بەژن دەڵێن ( كل بلية سببها ولية). واتە: هەر بەڵایەک ملی بگری مێینە لێی بەرپرسە!! جگەلەوەی ژن ( هەموو گیانی عەورەتە) و کاڵفامە و بێهێزو توانایە. گوایە هێز سیفەتێکی پیاوانەیە.

ئەم دوو سیفتە نەرێنییە، کە بە ئەسڵ عارەبین(ناقص العقل و ضعيفة)وەک خۆیان هاتوونەتە نێو فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی ئێمەی کوردەوە. ئەو پیاوەشی یەک ڕستە عارەبی نەزانێ ئەم ئێدیۆمە سەقەتانەی وەک بولبول لەبەرە.

خێڵەکیساڵ و مانگ دەژمێرێ و خوا خوایەتی هەرچی زووە کچەکەی بەشوو بدات و لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. نەبادا ڕووزەردیی بەسەردا بێنێ. لەهەندێ ناوچە دەڵێن (لینگی بە باگردێندا بگاتەوە، مانای وایە وەختی شوویەتی). ئەمەش مانای وایە ڕەگەزی مێ لە تەمەنی منداڵیی ؛ بە هەموو جوانی و گەمە و مەزاق و بەرائەتێکییەوە بێبەشە. هەر تەمەنی گەییە چوار پێنج ساڵان ئیدی یاریی و نێو منداڵانی لێ قەدەغە دەکرێ و پێیدەڵێن( تۆ ژنێکی). مێ لەماڵەوە لەگەڵ دایکیدا ژیان بەسەردەبا. پێچەوانەی نێر کە(بای دەرەوەیە).. ئەو کێژەی لەدەرەوە ببینرێ پەسەند نییەو پێیدەڵێن (سەر بەدەرەوە بوو، حەلاو بازاڕیی) زۆرن ئەو کچانەی لە شارەکانیشادا هەتا ڕێی قوتابخانە شارەزان و بەشارەکەی خۆشیان نامۆن. ئەوان تەنها لەگەڵ تێکڕای خێزان، یان دەبێ نێرینەیەکیان بخرێتە تەک، ئەوجا لەماڵ دەربچن؛ ئەگەرچی ئەو نێرینە منالێک و کچەکەیش قوتابییەکی زانکۆ بێ!. ئافرەت دەبێ کەمدوو بێ. بەشەرم و حەیابێ. هەمیشە خۆی بداتە پەنا و چاوهەڵنەبڕێ. بەدەنگی نزم بدوێ. لە قسەی پیاودا هەڵنەداتێ. نەختێ زیتەڵەبێ پێیدەڵێن : (نێرە بێکێرە). ئەو دەبێ هەردەم لەخزمەتی باب و براکانیدابێ. بچووکترین براش بۆی هەیە بەسەریدا بخوڕێ و فەمانی بەسەردا بدا. خزمەتی برا ئەرکی سەرشانی خوشکە؛ نەک هاوکاریی نێوان ئەندامانی خێزان. هەرکاتێکیش بۆ شووکردن ماڵی

حێهێشت ئەوا وەک بەدرێژایی تەمەنی لەو ماڵەدا کارەکەر بووبێ؛ هیچی لەمەڕوماڵات و گاووگۆتاڵ دواناخەن و پارچە زەوییەکی بەناوەوە تۆمار ناکەن. وەک سڵقی ڕووت، یان وەک ئەوەی لەدرزی دیوارەوە پەیدا بووبێ دەست بەتاڵ بەڕێ دەکەن.
ئافرەت کاتێ لێیدەقەومێ و مێردەکەی دەمرێ، چەند گەنجیش بێ، هێشتا هەر بەپێی نەریتی خێڵ دەبێ بۆ مێردەکەی بەوەفابێ. دەبێ بەرگی ئازیەتباری بپۆشێ و فرێی نەدا. بەدیار منداڵەکانێوە دابنیشێ و بە بێوەژنکۆشی بەخێویان بکات و بیر لەشووکردنەوە نەکاتەوە. هەر لەگەڵ دەسرۆکەیەکی سوور، یان سەرپۆشێکی غەیری سپی و شین و ڕەشیان بەسەرەوە بینی خێرا ماڵەخەزوورانی لێی دەکەونە تەقە؛ گوایە حەزی لەشووە. دەبێ بێوەژن بەسەر غەریزەکانی خۆیدا زاڵ بێ و بیر لە شووکردنەوە نەکاتەوە، وەک ئەوەی لەسەر ئەوان تاپۆ بێ، یان ئوتومبیلێک بێت و (سەنەوییە)کەی به ناوی ئەوانەوە بێ. شەرماوەرترینی ئەم دۆخەی بێوەژن تێیدەکەوێ لەوەدایە کاتێ شووبراکەی، کە تادوێنێ وەک خوشک و برا تەماشای یەکیان کردووە، کەچی دوای مەرگی براکەی دێ دەیخوازێ. ئەمایان ئاکارێکی تەواو نابەجێ و شەماوەر و نائینسانییە!!..
وەک دیتان پیاوی خێڵەکی زۆری لەژن دەوێ و کەمی پێشکەش دەکا. لێرەدا پێم باشە ئاکارێکی یان سزایەکی شەرماوەری زووی خێڵەکی بیر خوێنەر بهێنمەوە ،کە مرۆڤ بەبیستنی ددانی هاڵ دەبێتەوەو بێزی لێدەکاتەوە.. ئەگەر هاتو کچێک لەدەستی قەوماو لە دەرەوەی زەواج لەگەڵ پیاوێکدا تێکەڵ بوو، ئەگەر پێیزانرا ئەوا بەگوێزان پاک پاک سەری کچە دەتاشن. خوڵ و دۆی بەسەدا دەکەن و پاشەو پاش سواری کەرێکی کوڵی دەکەن و (واتە کەرێک کلکی کورت بێ) منداڵ و تاڵ بەتەنەکە لێدان دوای دەکەون و لەدێ و خێڵ قاوی دەدەن.. ئەو جمێنە، یان ئەو تووک و نزایەی، کە بەئافرەتێ دەڵێن : ((سەرت بەتاشین چێ!!)) لەم کلتوورە ڕزیوەی خێڵەوە سەرچاوەی گرتووە!
جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە، چەمکی جوانیی ژن ، لەکن پیاوی خێڵەکی تەواو پێچەوانەی سەردەم و زانستیشە. لە کاتێکدا هەموو دنیای مۆدێرن وایان پێجوانە ئافەرەت بەژن زراف ،واتە باریک و میسری گۆشت بێ. کەچی پیاوی خێڵەکی پێیجوانە و جەختیشی لەسەردەکا ژنەکەی دەبێ گۆشتن و بێت و بلەرێتەوە!!. ئەو ژنەکەیشی لەهەمان گۆشەنیگای مەروماڵاتەکانێوە دەبینێ. دیارە ئەو لای پەسەندە هەردەم مەڕەکانی دووگ شۆڕ وقەڵەو بن..!!
ئەمە ڕوانینی هەموو جڤاکێکی خێڵەکییە بۆژن. پیاوی سۆماڵی بەلایەوە پەسەندە و خەونیشی پێوە دەبینێ ژنەکەی بە تێکسمڕاوی و قەڵەوی ببینێ. لەمۆریتانیا، ساوای مێینە هەر یەکسەر دوای لەدایک بوونی لەشیری دەگرن. بەومانایەی لەماڵەوە دایدەبەستن و دەبێ هەموو ڕۆژێ بەپێی بەرنامەیەکی ڕەنگ بۆڕێژراو؛ تادەگاتێ ڕۆژانە بەلیتر شیر بخواتەوە، بۆئەوەی قەڵەو بێت وکاتێ گەیشتە سونعی شووکردن ڕەمێنی زۆر بێ و خوازبێنی کەر زوو بگەنەسەری. چونکە لەکن ئەوانیش مەرجی سەرەکی بۆ جوانیی ژن، ئەوەیە قەڵەو بێ.

سەرچاوەکان:
1. Kurdere Truede Folk, Flemming Madsen Poulsen, Munksgaard,1993. s. 15.
1. القبيلة، من أين.. إلى أين، ط1، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت ، ايار1981. (ناوی نووسەری لەسەر نییە.)
2. بزووتنەوەی کورد، هیوا، ژمارە(7) 1991. ڕاپۆرتێکە لەلایەن (نەزەند بەگیخانی) یەوە کراوەتە کوردی.
3. أسباب وآثار إنبعاث الموسسة العشائرية في العراق، فاخر قاسم، الثقافة الجديدة، العدد (277) تموز، آب 1997.
4. العشيرة أم المجتمع المدني ، موسى برهومه ، الحياة، العدد (12608)، 06.09.1997.
5. ب. ليرخ ، دراسات حول الأكراد الخالديين الشماليين وأسلافهم ، ط1 ،ترجمة: عبدى حاجى ، دمشق ، 1992، ص/47.
6. کوردایەتی و کێشەی تێوری ،د. ئەمیر حەسەن پور، هاڤیبون ، ژمارە (11) 2002.
7. نظام الطائفية ، من الدولة الى القبيلة ، برهان غليون، ط1، المركز الثقافى العربى، بيروت؛ نيسان 1990.
8. العرب، وجهة نظر يابانية، نوبو أكى نوتوهارا، منشورات الجمل، 200

hemafarik@yahoo.dk